# خوا شايةدة بةعس موجامةلةي نةزانيوة .... هةردي عةول

هەزار ئەفسوون وجادووی پێوە ئاوێزانە ئەم ڕیشە. . شێخ ڕەزای تاڵەبانی

لە میللە تی کورد فەقیر تر نیە لەم دنیایەدا، هەموو کەس ئەتوانێ بیخەڵەتێنێ تەنانەت ئەندامەکانی ئەم میللەتەخۆشیان لە هەڵخەڵەتاندنی میللەتەکەی خۆیان درێغیان نەکردووە نموونەشمان زۆرە، زۆرن ئەو کەسانەی کە زاناو هوشیارن بەڵام لەخزمەت بێگانەدا کار دەکەن، خۆیان ئەزانن کە کەسانی جیهانین بەڵام نە لەئاستی جیهانی ونەلە ئاستی دەوڵەتە ناوچەییە کاندا هیچ شتێکی وەهایان بۆ کوردە ماڵوێرانەکە نەکردووە کە تۆزێك تۆزێك کێشەی ڕەوای گەلەکەیان بە خەڵکی بناسێنن و تێیان بگەیەنن کە کورد مرۆڤە و با مافی ئەو مرۆڤانە پێشێل نەکرێ و نەکوژرێن و نەخنکێنرێن وماڵ و منالیان حەڵاڵی داگیر کەران نەکرێ و تەعدایان لێ نەکرێ. ئەوەتا بەڕێز پرۆفیسۆر عەلی قەرەداخی کاتێك باس لەچالاکیەکانی خۆی دەکات بۆ خەڵکی کوردستان بێجگە لە دروستکردنی خانووچکەی قوڕ ومزگەوت دروستکردن چی دیکەی بۆ کورد نەکردووە.

منالی هەتیو بەخێوکردن کاری تۆ نیە پرۆفیسۆری بەڕێز!. ئەوە حوکمی پایەو شوێنەکە تە ئەو داوایەت لێ ئەکات خۆ من ناڵێم یارمەتی هەژارو لێقەوماو انی کورد مەکە؟! هەروەك خۆت دەفەرمووی (بەندە کەسایەتیەکی جیهانیم) ئەوە بۆ لەبەد بەختی ئێمەی کورد کەسایەتیە جیهانیەکەت بە خانووی قوڕو مزگەوت دروستکردن وهەتیو بەخێوکردن سەرف دەکەیت!؟ برای ئازیزم پرۆفیسۆر عەلی دەبێ تۆ کارێك بکەی کە چیتر داگیرکەران منالانی کورد هەتیو نەکەن (بۆ ئەوەی تۆ پێیانەوە مەشغووڵ نەبی) وئەو مزگەوتانەی هەبوون نەیان ڕوخاندبان و ئەو لادێ وشارانەی کە هەبوون لە ئەسڵدا نەیانڕوخاندبان وکاول ووێرانیان نەکردبان وخەڵکەکانیان نەکوشتبان. حەزمان دەکرد ئێستا ئەوەندە خزمەتەی کەپێشکەشی دەوڵەتی قەتەری دەکەیت نیو ئەوەندە بۆ کوردستان و قەراخی ئەنفالکراوت بکردایە!.

بڵێین چی شانسی خۆمانە عیلم وزانست و هوشیاریەکەتان بۆ خەڵکە و ماڵوێرانی و خانووچکەی قوڕ و مزگەوت و فایلەکانی ئەمن و موخابەراتیش بۆ ئێمە.

بەڕێز پرۆفیسۆر عەلی قەرەداخی خەریکە لەسەر ئەوراق وفایلەکانی موخابەرات دەستەی نووسەرانی گۆڤاری جەماوەر بداتە دادگاو لێیان کەوتۆتە دوعاو نزا لەبەردەم پەروەردگاردا!.

کە وەڵامەکانی پرۆفیسۆر عەلی قەرەداخی م خوێندەوە یەکسەر ئەو پەندەکوردیەم هاتەوە یاد کە دەڵێ هەتا خاوەن ماڵ دزی گرت دز خاوەن ماڵی گرت.

من هەقم نیە و ناشزانم پرۆفیسۆر قەرەداخی هاوکاری دەزگاکانی بەعسی کردووە یان نا، تەنها شت ئە وەی کەهەیە ئەو بەڵگەنامانەیە کە گۆڤاری جەماوەر ژمارە (68) بڵاویکردوونەتەوەو تیایدا باسکراوە کەسەردان وهاتووچۆو لەنێوان پرۆفیسۆر و بەشی هەواڵگری باڵیۆزخانەی عێراق دا هەبووە. بەڕێزیان لەبەشێکی وەڵامەکەی خۆیدا بۆ جەماوەر سەردانەکانی بۆ لای موخابەرات لەباڵیۆزخانەی عێراق لەقەتەر بە موجامەلە ئەزانێ. ئەرێ خەڵکینە بەعس موجامەلەی ئەزانی؟! لەو باوەڕەدان حیزبی بەعس ورژێمی گۆڕ بەگۆڕ بەخۆڕایی عەبای بەسەر شانی هیچ کەسێکدادابێ؟! حیزبی بەعس لەکەس ترسابوو تاکوو ماستاوو مامە حەمەیی بۆ کردبێ و عەبای بەسەرشاندا بدا؟.

بەبڕوای هەمووومان و تێکڕایی گەلی کوردو عێراقیەکان و زۆربەی دەوڵەتانی ناوچەکەو جیهانیش مەرحەبایی کردنی ئەو ڕژێمە هیچ سوود وقازانجێکی بۆ کەس نەبووە هەر کەسێکیش لێیان نزیك بووبێتەوە کارێکیان پێکردووە. پرۆفیسۆر لەبەشێکی وەڵامەکەیدا

لە ژمارە (69) ی جەماوەردا ئەڵێ : (فەخری دلێمی لەڕێی زانایەکەوە داوای لێکردم سەردانم بکات بۆ ماڵەوە منیش ڕازی بووم <u>و باسی عێراق و کوردم پێ ووت</u>. پاشان دایکی کۆچی دوایی کردومنیش چووم بۆ ماڵیان بۆ پرسە لێکردن، ئیتر دوایی ئەوە <u>ماوە ماوە پرسیاری شەرعی لێ ئەکردم</u>) .

ماڵی ئاوابێ پرۆفیسۆر زۆر خاتری گرتووین چوونکە ئەو بێجگەلەباسی عێراق باسی فیدرالیەکەشی لەگەڵ دلێمی داکردبوو، ئێستا بەچاوماندا ناداتەوە!. هەروەها پرۆفیسۆر سەردانەکانی تری خۆی بۆ دەزگای هەواڵگری باڵیۆزخانە ی عێراق لە قەتەر ناو لێ ئەنێ <u>ماوە ماوە پرسیاری شەرعی</u> ئەمەش بۆ ئەوە یە کە ئیتر کەس قسەی نەمێنێ چونکە کەباس هاتە سەر شەرع نابێ کەس قسەبکات.

دوای ئەوە فەخری دلێمی کە دایکی مردووە فەخری بەهەتیوی ماوەتەوە بۆیە زوو زوو بەڕێز پرۆفیسۆر سەردانیکردووە ودەستی بەسەریدا هێناوە.

لەشوێنێکی تری وەڵامەکەی بەڕێز پرۆفیسۆر قەرەداخی دا ئیشارەت بۆ یەکێك لە بەڵگەکان ئەکات و ئەڵێ (وێستگەی هەواڵگری باڵوێزخانەی قەتەر هیچ زانیاریەکی ئەوتۆی پێ نەداوین کەخزمەت بە کارەکانمان بکات چونکە ناوبراو (واتە دکتۆر عەلی) <u>ترسی لە مەسەلەی هاوکاریکردن هەیە</u>) .

پێش هەر شتێك بەرێز پرۆفیسۆر بۆ وشەی سەفارەت (باڵوێز) ی بەکار هێناوە کەلەڕاستیدا (باڵیۆز) ە نەك باڵوێز وەك هەندێ کەس بە (یۆنان) ئەڵێن (وێنان) . واتە باڵیۆز ڕاستە

پاشان جەنابت لەهاوکاریکردن هیچ ناڕەزایەتێکت نیشان نەداوە، ڕەنگە قبووڵت بووبێ هاوکاری بکەیت بەڵام ترساوی، چونکە بەڕێزم ڕەتکردنەوە و نەفرەتکردن لە دەست تێکەڵاوکردن وهاوکاری وزانیاری پێدان جیاوازیەکی زۆر زۆری هەیە لەگەڵ ترس. ئەوان نەیان نووسیوە بەڕێز پرۆفیسۆر عەلی نایەوێ هاوکاری بکات بەڵکو نووسیوویانە ئەترسێ. دیارە ئەوانیش ترسەکەی جەنابتیان لە بەر چاوگرتووە بۆیە داوایان لێ نەکردوویت نووسراوی خەتی خۆت لەلایان هەبێ، بۆیە تاکید لەسەر ئەوە ئەکەیتەوە کە هیچ دەستنووسێکی بەڕێزتان لەلای ئەوان نیە.

هەرچی دەربارەی ژیاننامەو کاروو چالاکیەکانی بەڕێزیشتانە ئەوا با خوێنەران خۆیان بیخوێننەوە ئەوسا خۆیان حوکم بدەن وبزانن هیچ شتێکی تیا بەدی دەکەن کە بەئاستەمیش خزمەت بە کورد وکوردستان و ئەو میللەتە زەلیلەی بەردەستی داگیرکەرە موسڵمانەکان تێدا بێت؟!.

بەرێز پرۆفیسۆر عەلی :

لە ساڵی 75 - 76 چووە بۆ ئەزهەری میسر.

لە ساڵی 1981 وە نەهاتۆتەوە بۆ عێراق

لەساڵی 1985 وە مامۆستای زانکۆی قەتەرە.

ڕابیتەی ئیسلامی کوردیشی لەبەرژەوەندی ئیسلام و دوایش کورددا دروستکردووە.

پرۆفیسۆر قەرەداخی باسی چالاکیەکی خۆیمان بەم شێوەیە بۆ دەکات:

لەساڵی 1989 دا هەستاوە بە ڕێکخستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی ئیسلامی لەمەڕ کێشەی کورد لەشاری کۆڵن ی ئەڵمانیا.

دەفەرموو !؟. بەرێز پرۆفیسۆر کۆنگرەی نێودەوڵەتی ئیسلامی لەمەڕ کێشەی کورد لە ئەڵمانیا دەبەستێ !.

ئەرێ خەڵکینە کۆنگرەی نێودەوڵەتی ئیسلامی بۆ کێشەی کورد لە ئەڵمانیا دا دەبێ چ خزمەتێك بە کێشەکەمان بگەیەنێ ؟. ئێمە چ کێشەیەکمان لەگەڵ ئەڵمانیا وئەوروپادا هەیە تاکوو کۆنگرەی ئیسلامیمان لە ئەوروپادا بۆ ببەستی ؟. بەرێز پرۆفیسۆر قەرەداخی ؟! کێشەی ئێمەی کورد لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامیەکاندا یە، ئەوە دەوڵەتەئیسلامیەکانن وڵاتەکەی ئێمەیان داگیرکردووە وئەمانکوژن وتەعدای شەرەف وناموسمان لێ ئەکەن، خوشك وکچەئەنفالکراوەکانمان بە نادیەکانی شەوانەی میسر ئەفرۆشن، ئەوە دەوڵەتە ئیسلامیەکانن مافەکانی ئێمەیان پێشێلکردووە و بە ئینسانمان حسابناکەن، کیماباران و ئەنفالمان ئەکەن. ئەگەر ڕاست ئەکەی لە کۆنگرەی ئیسلامی دا کەلە ئەندۆنیسیاو باقی وڵاتانی ئیسلامیدا ساڵانە ئەبەسترێت باسی مافەکانی گەلی کورد بکە و داوا لەو وڵاتە ئیسلامیانە بکە با وازلە کورد کوشتن بهێنن و ئێخەمان بەردەن. لەلایەکی ترەوە سەیری ئەو بەدبەختیە کەن بەرێز پرۆفیسۆرلە1989 وە تاکوو ئێستا کە ساڵی 2004 یەك کۆنگرەی لەمەڕ کێشەی کورد بەستووە ئەویش کۆنگرەیەکی ئیسلامی بووە بۆ نەگبەتیش لە ئەڵمانیا بەستوویەتی !.

ساڵی 1989 ش یەك ساڵ پاش کیمیابارانی هەڵەبجە وگەرمەی کارەساتەکانی ئەنفال بووە بەڵام بەرێز پرۆفیسۆر هیچ ئیشارەی بەو کارەساتە نەکردووە لە وەڵامەکەی خۆیدا، ئەمەش ئێمە ئەگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە بەرێز پرۆفیسۆر لە کۆنگرەکەی ئەڵمانیایدا لە ساڵی89 دا بەهیچ شێوەیەك باسی هەڵەبجەو ئەنفالی لەو کۆنگرەیەدا نەکردووە و خۆی لێ لاداوە. پاشان ئەگەر باسیشی کردبێ دەبێ چۆن باسی ئەنفال وکیمیا بارانی بۆ خەلکی ئەورووپی کردبێ؟.

یەعنی بەرێز پرۆفیسۆر لە ئەڵمانیاباسی مەزلوومیەتی گەلی موسڵمانی کوردی کردووە کە بەدەستی موسڵمانەکان ژەهرخواردوو کیمیا باران و ئەنفال ئەکرێن ؟!.